

## هاونیشتمانانی بەریز

بزوتنەوەی رزگاریخوازی نەتەوەیی کورد لە قۆناخیکی گرینگ لە میژوی خۆیدایە. یەکێک لە لاوازیەکانی ئێستای ئەم بزوتنەوەیە نەبوونی تەبایی و هاوکاری هیزە سیاسیەکان لە ئاستی پێویستدایە. هەر بۆیە، داخوازیەکی گشتی و جیددی کە کۆمەڵانی خەڵک لە رۆژهەڵاتی کوردستان و کورد بە گشتی لە نێوخۆ ودەرەوەی ولات ئارەزوی وەدی هاتنی دەکەن یەکگرتوویی لە نێوان حیزب و لایەن و چالاکانی سیاسی کورد لە پێناو بە هێزکردنی ئیرادەی نەتەوەیی و بزوتنەوەی رزگاریخوازی لەم بەشەی کوردستان دایە.

ئێمە وەک رێکخراوەکانی حیزب، کۆڕ و کەسایەتی چالاکی بواری سیاسی کورد لە ولاتی بەریتانیا بە هەستکردن بە بەرپرسایەتی نەتەوەیی و وەلامدانەوە بەم داخوازیەی دڵسۆزانی گەلەکەمان رێکەوتی ٥ی ئۆکتۆبری ٢٠٠٧ کۆبونەوەیەکمان بە بەشداری بەشێکی بەرچاو لە لایەن و چالاکانی سیاسی کورد لە شاری لەندەن لە ولاتی بریتانیا بە مەبەستی ریکخستني یەکیەتیەک لەنێوان کوردەکانی رۆژهەلاتی کوردستان پێک هێنا.

هەموو بەشدار بووان بەتێکرایی دەنگ زەرورەتی دامەزراندنی وەها رێکخراوێکیان تەسویب کرد.

لەم کۆبونەوەیەدا بەرنامە وپیرەوێکی سەرەتایی کە ئامادە کرابوو هاورێ لەگەڵ باقی پێشنیارەکانی دیکە ئەسپێردرا بە هەیئەتێکی پێنج کەسی کە کاری لەسەر بکەن و تا دوو حەوتووی دیکە ئەم گەلالەیە ئامادە بکەن.

جیا لە کەسایەتی سیاسیی، نوێنەرانی ئەم حیزبانەش لەم کۆبونەوەیەدا بەشدار بوون، نوێنەری پارتی ئازادی کوردستانیش کە نەی توانی بوو لەم کۆبونەوەیەدا ئامادە بێت پشتیوانی لە پرۆژەکە کردوەو دەنگی خۆیانی خستۆتە پاڵ دەنگی ئێمەوە.

- پرۆژەی ژنی کورد

- ڕێکخراوی ماڤی ژنی کورد، ماڤی مرۆف
- ئەنجومەنی ڕۆشنبیری و مەدەنی کوردەکانی خوراسان.
- کۆمەڵەی شۆرشگێری زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران
- حیزبی دێموکراتی کوردستان
- حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران
- پارتی ئازادی کوردستان

لەندەن- بریتانیا